گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/qapqbp82
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 03/12/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 11/02/2024
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/08/2025

# ڕادەی بەکارهێنانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی لەلایەن مامۆستایانی بابەتی مێژو لە خوێندنگە ئامادەییەکانی شاری سلێمانی

**نزیرە صالح محمد[١] - پشتیوان عوسمان ئەحمەد[٢]**
pshtiwan.othman80@gmail.com - nazeera.mohammed@univsul.edu.iq
[١]بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[٢]بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕادەی بەکارهێنانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی لەلایەن مامۆستایانی بابەتی مێژو لە خوێندنگە ئامادەییەکانی شاری سلێمانی، لەپێناوهێنانەدی ئەم ئامانجە توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، هەروەها بۆ گەیشتن بەئامانجەکە پێوەری لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی بۆ مامۆستایانی بابەتی مێژو، بەسەر (٩٤) مامۆستای نمونەی توێژینەوەکەدا (٣٥) لەڕەگەزی نێر و (٥٩) لەڕەگەزی مێ جێبەجێکرا. بەڕێگای هەڕەمەکی سادەی چینی هەڵبژێردران لە هەردو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا سەربە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، ئامرازی توێژینەوەکە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکرا کە لە (٣٠) بڕگە پێکهاتوە و بەسەر (٥) تەوەردا دابەشکراوە، جێگرەوەکانی بریتین لە زۆرجار نمرە (٣)، هەندێجار نمرە (٢)، هەرگیز نمرە (١). دوای شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکان، توێژینەوە بەو ئەنجامانە گەیشت کە: جیاوازی ئاماری بەڵگەدار لەئاستی بەڵگەداریدا لەنێوان تێکڕای (ناوەندی) لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی و ناوەندی مامۆستایانی مێژودا هەیە، هیچ جیاوازییەکی بەرچاو لە ئاستی بەڵگەداریدا لەنێوان لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی ڕەگەزی نێر و مامۆستایانی بابەتی مێژوی ڕەگەزی مێدا نییە، هەروەها هیچ جیاوازییەکی بەرچاو لە لێهاتوییەکانی (ڕیزبەندی کاتی، تواناکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، شیکاری پرسە مێژوییەکان و بڕیاردان)دا نییە بەپێی گۆڕاوی تەمەن، بەڵام جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە لێهاتوییەکانی ((وەرگرتن و تێگەیشتنی مێژوویی، شیکاری ڕونکردنەوەی مێژوویی)دا هەیە بەپێی گۆڕاوی تەمەن، جیاوازییەکی بەرچاو لە ئاستی بەڵگەداریدا لەنێوان ناوەندی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی لەپەروەردەی ڕۆژهەڵات و لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی لەپەروەردەی ڕۆژئاوادا نییە، بەپێی گۆڕاوی شوێن، هیچ جیاوازییەکی بەرچاو لە لێهاتوییەکانی (ڕیزبەندی کاتی، شیکاری ڕونکردنەوەی مێژوویی، تواناکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی)دا نییە بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت، بەڵام جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە لێهاتوییەکانی (وەرگرتن و تێگەیشتنی مێژوویی، شیکاری پرسە مێژوییەکان و بڕیاردان)دا هەیە بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت. لەکۆتاییدا توێژەر لەسەر بنەمای ئەنجامی توێژینەوەکە چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێکی پێشکەشکرد.

**کلیلە وشە**: بابەتی مێژو، بیرکردنەوەی مێژوویی، لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی، مامۆستایانی مێژو.

# The Range of Using Historical Thinking Skills by History Teachers at High Schools in Sulaimani

**Nazeera Salih Mohammed[1] - Pshtiwan Othman Ahmed[2]**
[1]Kindergarten Department, College of Basic Education, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.
[2]Social Sciences, Deparment College of Education, Sulaimani University of Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This research aims to assess the utilization of historical thinking skills among history teachers in high schools in Sulaimani. To achieve this objective, a descriptive analysis method was employed. A survey was administered to a sample of 94 teachers, comprising 35 males and 59 females, selected randomly from the Eastern and Western Sulaimani directorates of Education. The research instrument, developed by the researcher, consists of 30 items categorized into five topics. The response options are graded as ( Often (3), Sometimes (2), and Never (1) ).

Upon data analysis, the research findings indicate a statistically significant difference in the average historical thinking skills between history teachers. Notably, there is no significant discrepancy in the level of evidence between male and female history teachers, nor are there significant differences in skills such as chronology, historical research skills, and analysis of historical issues and decision-making based on the age variable. However, a statistically significant difference is observed in skills related to historical reception and understanding, as well as historical explanatory analysis, in relation to age. Additionally, no significant variation is found in the level of evidence between historical thinking skills in the Eastern and Western education centers, based on location. Concerning years of service, there are no significant differences in skills like chronology, historical explanatory analysis, and historical research skills. Yet, a significant statistical difference is identified in skills associated with historical understanding, analysis of historical issues, and decision-making based on years of service. Finally, the researcher made some recommendations based on the results of the research.

**Keywords:** Article History, Historical Thinking, Historical Thinking Skills.

## پێشەکی:

ئەمڕۆ زۆرێک لە وڵاتانی پێشکەوتو سەرنجیان لەسەر ئامادەکردن و گەشەپێدان و پەرەپێدانی مامۆستاکانیان چڕکردوەتەوە بەهۆی ڕۆڵی ئەوپەڕی کاریگەرییان لە باشترکردنی فێربون و گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکانی، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر گەشەسەندنی کۆمەڵگا و گەشەکردنی منداڵەکانی دەبێت، پەروەردەکاران ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە پەیوەندییەکە بەهێزە لە نێوان حەزکردن بە مامۆستا و سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەیی لە گەیشتن بە ئامانجەکانیدا، لە سەردەمی ئێستادا کۆمەڵگایەک نادۆزیتەوە، کە پێشکەوتنی بەدەستهێنابێت بەبێ ئەوەی بەرژەوەندییەکەی بۆ مامۆستاکانی زیاتربێت لە بەرژەوەندییەکانی بۆ ئەوانی دیکە (الموسوي،١٩٩٦:٢٥٤).

پسپۆڕان و توێژەرانی بواری پەروەردە پێیانوایە کە ''پێوەری ڕاستەقینە بۆ بڕیاردان لە سەرکەوتن وهێنانەدی ئامانجە پەروەردەییەکان ئامادەکردنی مامۆستایانە بەپێی بەرنامە و پلانێکی تایبەت (سعد،١٧:٢٠٠٠)، کۆلێژەکانی پەروەردە سەرچاوەی سەرەکین بۆ ئامادەکردنی مامۆستایان بەشێوەیەکی زانستی لەپسپۆڕییە ئەکادیمیە جیاوازەکاندا، لە ڕێگەی کۆمەڵێک ڕێڕەوی پەروەردەیی و کەرەستەی ئامادەکاری ڕۆشنبیرییەوە، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە بەرنامەکانی ئامادەکردنی مامۆستایان پێش خزمەت، پرۆگرامێکی تەواوبێت کە شارەزایی پێویست بۆ ئەمە دابینبکات (قطان و الاخرون،٥٣٤:٢٠١٩).

## کێشەی توێژینەوە:

پرۆسەی چاکسازی پەروەردەیی بەبێ بەردەوامی و گشتگیری و هەماهەنگی نێوان ڕەگەزەکانی، ئامانجەکانی خۆی ناپێکێت، لەناو ئەو ڕەگەزانەشدا مامۆستا بەدڵی کردەی چاکسازی پەروەردەیی دادەنرێت، بەو پێیەی فاکتەری هەرە سەرەکییە و کلیلی گۆڕانکاری و نوێبونەوەو گەشەسەندنی پرۆسەی پەروەردەییە (الحیلة،٧٨:٢٠٠٧)، پێویستە ئەو کێشە و لەمپەرانەی دێنەبەردەم پرۆسەی پەروەردە بەشێوەیەکی زانستیانە بخرێنە بەرباس و لێکۆڵینەوە و ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە نەهێشتنی گرفتەکان ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان (هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، ڕاپۆرتەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی،٢٠٠٧: ١٩-٢٠).

لە هەمان کاتدا لە ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی پەروەردەیی باس لە لاوازییەکانی ئاستی مامۆستایان کراوە. (حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە،٢٠٠٧: ٦،٧،٨،١٠٨،١٤٥)، دواتریش لەڕاپۆرتی کۆتایی کۆنگرەدا ''نزمی ئاستی زانستی مامۆستایان'' وەک کێشەیەکی بنەڕەتی لە پرۆسەی پەروەردەدا ناسێنراوە، بەتایبەت لێهاتوییەکانی مامۆستای بابەتە مێژوییەکان کە کێشەیەکی زۆری بۆ دروستدەبێت بەهۆی سروشتی بابەتەکە و شێوازی ڕێکخستنی، لە خوێندنگاکانی ئێمە کە ئەم بابەتە پشت بە شێواز و لێهاتوییەکانی وانەوتنەوەی کلاسیکی و زیاتریش شێوەی (محازەرات و ئیلقا) دەبەسترێت هەروەها لەبەرکردن (دەرخکردن-ئەزبەرکردن)ی قوتابی و ئەمەش وادەکات بابەتەکە لە یادگەی قوتابی کورتمەودا بمێنێتەوە و کاتی بێت، چونکە قوتابی ئاڕاستە ناکرێن لەلایەن مامۆستاوە بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە و ڕاستی و کۆکردنەوەی زانیاری (الدلیمي،١:٢٠١٢)، بۆیە مامۆستا بەگشتی و مامۆستای مێژو بەتایبەتی ئەرکێکی جددی لەسەرە، بەو پێیەی ئەو بەرپرسیارێتی پەرەپێدانی تواناکانی قوتابی و پێدانی زانیاری و ڕاستییەکانیان لە ئەستۆدایە کە بتوانن لەو گۆڕانکاریانە تێبگەن کە لە کۆمەڵگاکانی دەوروبەریاندا ڕودەدەن کە کاریگەری نەرێنی یان ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگاکەیان هەیە، پاشان هەوڵدەدەن لێهاتوی بیرکردنەوەی جۆراوجۆریان بۆ دابینبکەن کە کاردەکەن بۆ ئەوەی خوێندکاران سودی ڕاستەقینەیان هەبێت بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگا (جرادات،٨٤:١٩٨٩)، (العزاوي،٢:٢٠١٢).

لەڕێگەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەوە توێژەرهەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

*ئایا جیاوازییەکی بەرچاو لەنێوان لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوی و مامۆستایانی بابەتی مێژودا هەیە؟

* ئایا جیاوازییەکی بەرچاو لەنێوان تێکڕای لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی (ڕیزبەندی کاتی-وەرگرتن و تێگەشتنی مێژوویی-شیکاری ڕونکردنەوەی مێژوویی-تواناکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی-شیکاری پرسە مێژووییەکان و بڕیاردان) لەگەڵ هەمو ناوەندی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە (ڕەگەز،ساڵانی خزمەت، تەمەن، شوێن) هەیە؟

## گرنگی توێژینەوەکە:

لەبەررۆشنایی گرنگی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی مامۆستایانی بابەتی مێژو و ڕادەی بەکارهێنانیان، دەکرێت بڵێین ئەم توێژینەوەیە گرنگی هەیە بۆ ئەم لایەنانەی خوارەوە:

١- توانای بیرکردنەوەی مێژوویی یەکێکە لە پێداویستییەکانی واقیعی ئێستا بۆ خوێندکارانی دەرچوکە توانای چارەسەرکردنی کێشەکان و بەرهەمهێنانیان هەبێت لە بوارە جیاوازەکانی مەعریفەدا.

٢- مامۆستایانی مێژو دەکرێت لەرێگەی توێژینەوەکەوە ئاستی لێهاتوویی خۆیان بەشێوەیەکی گشتی بزانن ڕادەی لیهاتوییان لە وتنەوەی بابەتەکەدا بۆیان دەستنیشانبکرێت، لەسەر ئەو بنەمایەش لایەنی بەهێز و لاوازی خۆیان هەڵسەنگێنن.

٣- ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەیەکی تازە دادەنرێت، چونکە (بەپێی زانیاریەکانی توێژەر) تا ئێستا توێژینەوەیەکی لەم شێوەیە بۆ ڕادەی بەکارهێنانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی مامۆستایانی پسپۆڕی مێژو لە هەرێمی کوردستان نەکراوە، بۆیە ئەم کارەش دەبێتە هەنگاوێکی بەسود لەم بوارەدا، بەهەمان شێوەش دەبێتە سەرچاوەیەکیش بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەکان بەتایبەت کتێبخانەی کوردی.

٤- وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت سود لە پێشنیار و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە وەربگرن سەبارەت بە ئاستی لێهاتوییەکانی مامۆستایانی مێژو، بەمەش خواستی پرسی پەرەپێدانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی لە پرۆگرامی مێژودا بۆ ئاستە ئەکادیمییە جیاوازەکان زیادبکات.

٥- سودی هەیە بۆسەرۆکایەتی بەشەکانی مێژو بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆکان، خوێنکارانی خوێندنی باڵا وەک سەرچاوەیەکی زانستی بەزمانی کوردی.

٦- توێژینەوەکە بەشداری دەکات لە دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردی بە پێشکەشکردنی ئەدەبیات و سەرچاوەیەکی نوێ لە بواری وانەوتنەوە و لێهاتوییەکانی مامۆستایانی بابەتە مێژووییەکان.

## ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە زانینی:

١- ئاستی بەکارهێنانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی مامۆستایانی بابەتی مێژو لەقۆناغی ئامادەییدا لەناوەندی پارێزگای سلێمانی.

٢- جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی بەکارهێنانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی مامۆستایانی بابەتی مێژو بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی (ڕەگەز، ساڵانی خزمەت، تەمەن، شوێن) لای مامۆستایانی بابەتی مێژو لە قۆناغی ئامادەییدا لەناوەندی پارێزگای سلێمانی.

## سنوری توێژینەوە:

سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: مامۆستایانی پسپۆڕی وانەی (بابەتی مێژو)، لە قۆناغەکانی (دەیەم، یازدە)ی وێژەیی لە خوێندنگە ئامادەییەکانی سەنتەری پارێزگای سلێمانی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣).

## ناساندنی چەمکەکان:

### یەکەم:

### بابەتی مێژو:

**کاتوت(2009):**

زانستێکە  لە ڕوداوەکانی ڕابردو دەکۆڵێتەوە و تۆماری دەکات، لە دروستبونی ئافرێنەرەوە دەستپێدەکات تا سەردەمی ئێستا (Katot، 2009:184).

### دوەم:

### بیرکردنەوەی مێژویی:

الجمل (٢٠٠٥):

بیرکردنەوەی مێژویی بریتییە لە کاری پشکنین و شیکردنەوە ڕوداوە مێژوییەکان، تێگەیشتن لە ماناکانیان، بەراوردکردنیان بەیەکتر و دەرهێنانی ئەنجام و وانە فێربوەکان، زانستێکە لەسەر بنەمای شیکردنەوە و لێکدانەوە (الجمل،٢٠٠٥:٣١).

خریشة(٢٠٠٤):

توانای تێگەیشتن و وەرگرتنی ڕاستییە مێژوییەکانە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی داتا و بەڵگە مێژوییەکان لە سەرچاوە ڕەسەنەکانیانەوە، ڕێکخستن و پۆلێنکردن و شیکردنەوە و دەرکردنی حوکمەکان بە مەبەستی، پەرەپێدانی گریمانەکان سەبارەت بە هۆکار و کاریگەریان(خریشة،٢٠٠٤:١٥٩).

بیرکردنەوەی مێژویی لەم توێژینەوەدا بریتی یە لەتوانای مامۆستای مێژو لە بەکارهێنانی لێهاتویەکانی بیرکردنەوەی مێژویی، لەلێکدانەوەو شیکردنەوە و بەستنەوەی ڕوداوەکان و تێگەشتن لەپرسە مێژوییەکان، لەڕێگەی چاودێری و هەڵسەنگاندنیان بە کۆمەڵێک کارامەیی کە لە فۆڕمی تێبینی توێژینەوەکەدا هاتوە.

### سێیەم:

### لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی:

قزامل(٢٠٠٨):

لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی بریتین لە کۆمەڵێک کارامەیی بیرکردنەوەی بەیەکەوە گرێدراو و سەریەککەوتو کە ئامانجیان بەکارهێنانی کاریگەرانەی شێوازە دەرونییەکانە لە مامەڵەکردن لەگەڵ، ڕێکخستن یان پرۆسێسکردنی زانیاری مێژویی بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی ڕوداوەکانی ڕابردو و بردنی مێژو بۆ ئەو فۆرمەی ئێستا دەیبینین (قزامل،٢٠٠٨:١٣١).

محمد(٢٠٠٥):

ئەمانە ئەو لێهاتوییە کەسی و دەرونی و ئەدای کارکردنەن کە وا لە خوێندکار دەکەن بیر لە مێژو بکاتەوە، هەروەها بریتین لە چۆنیەتی تێگەیشتن و بیرکردنەوە لە بیرۆکە و ڕوداو و چەمک و لێکدانەوە سەرەکییە مێژوییەکان  و توانای شیکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەبەڵگەنامە مێژوییەکان لەژێر ڕۆشنایی چوارچێوەکاندا، پرسیارکردن، لێکۆڵینەوە، حوکمدان و بڕیاردان(محمد،٢٠٠٥:١٢٦).

اللقاني(١٩٧٩):

پرۆسەیەکە بریتییە لە کۆکردنەوەی ڕاستییەکان، لێکۆڵینەوەیان، خستنەڕوی ئەنجامەکان بەشێوەیەکی دروست و دور لە لایەنگری و کۆنەپەرستی، گفتوگۆی لۆژیکی، گەیشتن بە حوکمێکی سەربەخۆ کە بە بەڵگە پشتگیری دەکرێت، و درککردن بەوەی کە هەمو ئەنجامێک گریمانەیەک کە دەتوانرێت تێیدا چاودێری بکرێت یان ڕەتبکرێتەوە لەژێر ڕۆشنایی بەڵگە یان پشتگیری نوێ( اللقاني،١٩٧٩:٩٢).

**پێناسەی تیۆری لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی:** بریتییە لەتوانا و هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایانی مێژو لەکۆکردنەوەی زانیاری وڕاستی داتا مێژوییەکان، ئەنجامدانی شیکاری و لێکدانەوەی ڕوداوە مێژوییەکان، بیرکردنەوە لەبیرۆکە و تێگەیشتن لەبارودۆخە مێژوییەکان، گەڕان بەدوای بەڵگەی مێژویدا و بڕیاردان لەپرسە مێژوییەکان.

پێناسەی کارڕایی بۆ لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی:

بریتییە لە کۆی ئەو نمرانەی کە مامۆستایانی نمونەی توێژینەوەکە بەدەستیدەهێنن لەئەنجامی وەڵامدانەوەیان بۆ پێوانکاری لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی بەکارهاتو لەم توێژینەوەیە.

## چوارچێوەی تێوری و توێژینەوەکانی پێشو:

### چەمکی بیرکردنەوەی مێژویی:

واتە کۆکردنەوەی ڕاستییەکان و لێکۆڵینەوەیان و بەستنەوەیان و خستنەڕوی مێژو بە شێوەیەکی بابەتیانە، دور لە لایەنگری و کۆنەپەرستی، لەسەر بنەمای گفتوگۆی لۆژیکی، هاتنە پێشەوەی حوکمێکی سەربەخۆ کە بەڵگە پشتگیری دەکات، و درککردن بەوەی کە هەمو ئەنجامێک گریمانەیەک کە دەتوانێت لە ژێر ڕۆشنایی بەڵگە و پشتگیری نوێ وەربگیرێت یان ڕەتبکرێتەوە (المناصیر،٢٠١٦:٥٧٣)، هەروەها جۆرێکە لە بیرکردنەوە کە وەسف و شیکاری لەخۆدەگرێت، بەتایبەتی لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەڵگە بۆ بنیاتنانی لێکدانەوە مێژوییەکان (Cantu & Warren، 2003:42)، بریتییە لە بەستنەوە و شیکردنەوە و جێبەجێکردنی زانیارییەکان سەبارەت بە چەمکێکی مێژویی دیاریکراو، و توانای فێرخوازە بۆ کارلێککردن لەگەڵ دەقەکەدا بە پشکنینی وشەکانی بۆ گەیشتن بە بڕیاری ڕون بۆ ڕوداو یان پرسێکی مێژویی لەبری ئەوەی سروشتی مێژویی دەقەکە بە بەهای ڕوکەش وەربگرێت. فێرخواز دەتوانێت بزانێت چۆن بۆچونەکانی خۆی سەبارەت بە دەقەکە دابڕێژێت، بگاتە پێکهاتنی لێکدانەوە مێژوییە تایبەتەکان (Wineburg، 2001:42 ).

### گرنگی بیرکردنەوەی مێژویی:

بیرکردنەوەی مێژویی یارمەتیدەرە بۆ دامەزراندنی بەهاکانی هاوولاتیبون، چونکە تێگەیشتن لە کردەوەی خەڵک لە ڕابردودا کاریگەری لەسەر ئێمەی ئەمڕۆ هەیە، ئەم کاریگەرییە بە دانانی نمونەیەکی باش و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و بە نیشتمانیبون نوێنەرایەتی دەکرێت، هەروەها کردەوەکانمان لێکەوتەی دەبێت بۆ نەوەکانی داهاتو، مێژویی بیرکردنەوە تەنها بە مانای بیرکردنەوە لە ڕابردو نییە، بەڵکو مرۆڤ خۆی لە شوێنی مێژونوس دادەنێت، سەرەتا بزانێت چیمان لە پاشماوەکانی ڕابردو بە میرات گرتوە و خۆی وەک دروستکەری داهاتو دادەنێت، دوەمیش، بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەک لە داهاتوی کۆمەڵگاکانیاندا بهێنێتە ئاراوەAndrews & Burke، .(2007:68)، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی باوەڕپێکراوی، پێویستە خوێندکاران لەوە تێبگەن کە مێژونوسان لەسەر بنەمای بەڵگە، ئەنجامەکان دەردەهێنن، هەروەها هەندێک دەرئەنجام لە هەندێکی تر باشترە و هەندێک بەڵگەش باوەڕپێکراوترن، مێژو هەمو شتێک نییە کە لە ڕابردودا ڕویداوە، بەڵکو مێژونوسان هەوڵدەدەن بڕیار لەسەرئەوە بدەن ئەوەی گرنگە لەو ڕوداوانەی کە دەتوانێت مێژو هەبێت، بۆیە پێویستە خوێندکاران توانای جیاکردنەوەیان هەبێت لە نێوان ئەوەی گرنگە و ئەوەی بەڵگەی بێ بایەخە، هەروەها ڕێگە بە خوێندکاران دەدات کە پردێک لە نێوان ئەوەی لە بەڵگەوە دەزانرێت و ئەوەی دەتوانێت لە ڕێگەی ئەو زانیارییەوە کە بە تێپەڕبونی کات گەشەدەکات، دەربکەوێت Von Heyking، (2004:39 ).

## لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی:

لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لە توخمە بنەڕەتییەکانی ناو پێداویستییەکانی فێرکردنی مێژودایە، فێرخواز پێویستی بە پەرەپێدانی تواناکانی شیکاری هەیە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە ڕوداوێک یان بەڵگەنامەیەکی مێژویی Anderson)، (2013:8 ، لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی ڕێگە بە فێرخواز دەدات پەیوەندی نێوان ڕوداوەکانی ڕابردو لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی بەیەکەوە ببەستێتەوە و دابمەزرێنێت و بتوانێت شێوازەکانی مێژونوسان لە دروستکردنی زانیندا بەکاربهێنێت (DemirciogluiH)، (239-2009:228 .

لۆژیکی کاتی و بەراوردکردن و تەرکیزکردن لەسەر کۆنتێکستی ڕوداوەکان لە لایەن مێژونوسانەوە کاتێک بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە لە ڕابردو نزیک دەبنەوە بەکاردەهێنرێن، هەروەها لە داڕشتنی ئارگیومێنتە مێژوییەکان لە بەڵگە مێژوییەکان و لێکدانەوە مێژوییەکان و تەرکیزکردن و کۆکردنەوەی بۆ وەسفکردنی ئەو لێهاتوییانەی کە بەکارهێنراون، ئەوە دەربڕدراوە لەلایەن مێژونوسانەوە لەکاتی بنیاتنانەوە و تاقیکردنەوەی ئارگیومێنتە مێژوییەکان سەبارەت بە ڕابردو. کارامەییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، کۆکردنەوە، بڕیاردان و دیدگای مێژویی بەرەوپێش دەبەن ( Pellegrino & d’Erizans، (2012:146 .

لەهەمانکاتدا لێهاتویی بیرکردنەوەی مێژویی لەگەڵ ڕەوتە مۆدێرنەکان لە ڕوانگەی مەعریفەی مێژوییدا یەکدەگرێتەوە، لە زانستی جێگیرەوە بە هەندێک ڕاستی و بابەتی دانپێدانراوەوە تا دەگاتە ئەو زانستەی کە کەوتۆتە ژێر باس و ڕەخنە و لێکدانەوە، لەسەر بنەمای لێکدانەوە و حوکمدانی بەڵگە مێژوییەکان (الناشف،١٩٨١: ١٤)، ئەمانە لەلایەن ناوەندی نیشتمانی بۆ مێژو لە قوتابخانەکاندا پەرەیانپێدراوە و ناویان لێنراوە ستانداردە نیشتمانییەکان بۆ مێژو NCHS، (1996:42)، تیشک دەخاتە سەر پێنج کارامەیی، کە بەم شێوەیەن: (ڕیزبەندی کاتی-وەرگرتن و تێگەشتنی مێژویی-شیکاری ڕونکردنەوەی مێژویی-تواناکانی لێکۆڵینەوەی مێژویی-شیکاری پرسە مێژوییەکان و بڕیاردان)دا دابەشکراون (NCHS)، 1996:42

## ڕۆڵی مامۆستای مێژو لەگەشەپێدانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی:

ڕۆڵی مامۆستا تەنها لە بەخشینی مەعریفەدا سنوردار نییە، بەڵکو دەبێت ئەوەش بزانێت کە گەشەسەندنی بیرکردنەوەی مێژویی دەبێت لە قۆناغێکی سەرەتای ژیانەوە دەستپێبکات، بۆیە دەبێت قوتابیان هانبدرێن بیر لە ڕوداوە مێژوییەکان و ڕەهەندەکانیان بکەنەوە، دەرفەتی بنیاتنانی زانستەکانیان و بەدەستهێنانی توانای بیرکردنەوەیان پێببەخشن، ئەمەش لە ڕێگەی:

١- بەکارهێنانی شێوازەکانی بیرکردنەوە و شیکاری مێژویی لە مامەڵەکردن لەگەڵ خوێندکاران، و دابینکردنی سەرچاوەی سەرەتایی و کەرەستەی بینراو.

٢- بەکارهێنانی ستراتیژی پەروەردەیی گونجاو بۆ ئاستی خوێندکاران، گرنگیدان بە کێشە بەپەلەکان کە پێویستیان بە بیرکردنەوە هەیە، هەروەها دابینکردنی دۆخێک کە مێژو دەکاتە بابەتێکی گرنگ.

٣- پاڵنانی خوێندکاران بۆ بیرکردنەوە و کارکردن بۆ پێشنیارکردنی دیدێکی داهاتو لە ڕەهەندەکانی ڕوداوە مێژوییەکان، و هاندانی خوێندکاران بۆ بڕیاردان.

لەمانەی سەرەوە گرنگی ڕۆڵی مامۆستا لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی مێژویی بۆ قوتابیان ڕونە، زۆرێک لە توێژەران سەرنجی گرنگی ئەو ڕۆڵەیان داوە، بۆیە چەندین لێکۆڵینەوە دەرکەوتن کە لێهاتویی بیرکردنەوەی مێژویی و مامۆستایان بەیەکەوە

گرێدراوە، جا چ بە بەهێزکردن یان پەرەپێدانی ئەو کارامەییانەی کە هەیەتی، لەوانەش لێکۆڵینەوەی (جودە،١٩٩٧)، ( Doppen، (2002:56)(البنعلي،٢٠٠٥).

## توێژینەوەکانی پێشو:

## توێژینەوەی هەنا (هناء،٢٠١٦)

بەناونیشانی هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی فاکەڵتی لە بەشی مێژو، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، لە ژێر ڕۆشنایی توانای بیرکردنەوەی مێژویی لە ڕوانگەی خۆیانەوە.

تقويم اداء أعضاء هيئة التدريس في قسم التاريخ كلية التربية الاساسية في ضوء مهارات التفكيرالتاريخي من وجهة نظرهم.

ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی لیهاتویی بیرکردنەوەی میژویی ئەندامانی فاکەلتی لە بەشی مێژو، دەستنیشانکردنی ئەگەری بەکارهێنانی کارامەییەکانی بیرکردنەوەی میژوی ئەندامانی فاکەڵتی.

توێژەر پشتی بەمیتۆدی وەسفی بەستوە، پێوەرەکەشی بەسەر (٢٠)مامۆستا لەئەندامانی فاکەڵتی لەشاری دیالی دابەشکردوە، نمونەی توێژینەوەکەشی بەشێوەی شێوازی یەکدەنگی (اسلوب الاتساق) وەرگیراون، هەروەها (فۆرمی ئستبیان) بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان، ئەو ئامرازە ئامارییانەی کە توێژەر بەکاریهێناوە بریتین لە (هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ، کای چوارگۆشە، هاوکێشەی ناوەندی ژمێرەی و کێشی سەدی) توێژەر گەشتوەتە ئەو ئەنجامەی (گونجاوی ئەندامانی فاکەڵتی لەبەکارهێنانی لیهاتویی بیرکردنەوەی میژوی و ناتەواوی هەندێک لە ئەندامانی فاکەڵتی لەبەکارهێنانی سڕاتیژییەکانی فێرکردن کە پەرە بە لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی میژویی دەدەن وەک (العصف الزهني)، فێربون لەسەر بنەمای کێشە (التعلم المستند الى المشكلة)، فێربونی هاوبەش (التعلم التعاوني)، فێربونی چالاک (التعلم النشط) و ئەوانی تر، (هناء،٢٠١٦)

**توێژینەوەی جەمال و ئەوانی تر(جمال والاخرون، ٢٠١٧)**

بەناونیشانی ڕادەی پراکتیزەکردنی مامۆستایانی بابەتی مێژو لەپۆلی دوهەمی دواناوەندی وێژەیی بۆ لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوی (لەڕوانگەی خۆیانەوە).

درجه ممارسة مدرسي مادة التاريخ في الصف الثاني الثانوي الأدبي لمهارات التفكير التاريخي (من وجهة نظرهم)

ئامانجی توێژینەوەکە (دەستنیشانکردنی ڕادەی پڕاکتیزەکردنی مامۆستایانی مێژو بو لە پۆلی دوەمی دواناوەندی وێژەیی بۆ لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەڕوانگەی خۆیانەوە، ئامانجێکی تری لاوەکی کە لەئامانجی سەرەکی پێشوە و لقی لێدەبێتەوە بریتییە لە دیاریکردنی ڕادەی پڕاکتیزەکردنی مامۆستایانی بابەتی مێژو لە پۆلی دوەمی دواناوەندی وێژەیی بۆ لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی بەگشتی و لەهەر لێهاتوییەکدا بەجیا لەڕوانگەی خۆیانەوە، بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، الموهل العلمي(ماجستير أو اعلى))، توێژەر پشتی بەمیتۆدی وەسفی شیکاری بەستوە، پێوەرەکەشی بەسەر (٢٤) مامۆستای مێژودا دابەشکردوە لەشاری لازقیە، نمونەی توێژینەوەکەشی بەشێوەی قەسدی وەرگیراون، هەروەها (فۆرمی استبیان)ی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان، ئەو ئامرازە ئامارییانەی کە توێژەر بەکاریهێناوە بریتین لە بەرنامەی ئاماری Spss، تاقیکردنەوەی تائی: T-test، تحليل التباين الاحادي)، توێژەر گەشتوەتەئەو ئەنجامەی: ڕاستی واقیعی پڕاکتیکی مامۆستایانی مێژو لە لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی کەم بوە بەپێی دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە و گەڕانەکە، لە کاتێکدا پڕاکتیزەکردنی مامۆستایان بۆ لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی گەورەبو، لەڕێگەی وەڵامەکانیان بۆ ڕاپرسییەکە (ئستبیان)ەکە، لە لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی. (جمال والاخرون، ٢٠١٧).

### توێژینەوەی غەزولی(الغزولي،٢٠٢٠)

بەناونیشانی پرۆگرامێکی پەرەپێدراو بۆبابەتی مێژو، پەیوەندی بە گەشەکردنی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی فێرخوازان لەڕوانگەی مامۆستایانەوە.
المنهاج المطور لمادة التاريخ وعلاقته بتنمية مهارات التفكيرالتاريخي لدى المتعلمين من وجهة نظر المعلمين. ئامانجی توێژینەوەکە: (دەستنیشانکردنی پەیوەندی نێوان پرۆگرامی پەرەپێدراو بۆ بابەتی مێژو و پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەنێو فێرخوازاندا لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتەکەوە). بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، شارەزای وانەوتنەوە، لێهاتویی پیشەیی، بەشداری خولی ڕاهێنان، واتباع الدورات التدريبية). بۆبەدیهێنانی ئەم ئامانجەش: توێژەر پشتی بەمیتۆدی وەسفی شیکاری بەستوە، پێوەرەکەشی بەسەر (٦٣) مامۆستای مێژودا دابەشکردوە لەشاری دیمە شق، وڵاتی سوریا، نمونەی توێژینەوەکەشی بەشێوەی هەڕەمەکی سادە وەرگیراون، هەروەها (فۆڕمی ئستبیان)ی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان، ئەو ئامرازە ئاماریانەی کە توێژەر بەکاریهێناوە بریتین لە (تاقیکردنەوە،جێگیری دوبارە تاقیکردنەوە، هاوکولکەی ئەلفاکرۆکفاخ، هاوکۆلکەی ناوەندیی ژمیرەیی ئەنۆڤای یەک نمونەی). توێژەر گەشتوەتە ئەو ئەنجامەی کە جیاوازییەکی بەرچاو لە ڕوی ئامارییەوە لە نێوان مامناوەندی نمرەکانی وەڵامەکانی نمونەی توێژینەوەکەدا هەیە سەبارەت بە توانای پرۆگرام بۆ پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەنێو فێرخوازاندا، بەهۆی گۆڕاوی بروانامەی پەروەردەیی، لە بەرژەوەندی بەشی خوێندنی باڵا، لەکاتێکدا هیچ جیاوازییەک نەبوە کە بگەڕێندرێتەوە بۆ بۆ هەمو گۆڕاوەکانتر.(الغزولي،٢٠٢٠).

## ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە:

میتۆدی توێژینەوە

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوە کە میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهاتوە، چونکە لەم میتۆدە دا لێکۆڵینەوە دەربارەی دیاردە جیاوازەکان دەکرێت، کە گونجاوە لەگەڵ سروشت و ئامانجی توێژینەوەکە، ئەویش لەسەر بنەمای زانینی ڕادەی بەکارهێنانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەلایەن مامۆستای بابەتی مێژو لە خوێندنگە ئامادەییەکانی شاری سلێمانی.

## کۆمەڵگای توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتوە لەسەرجەم مامۆستایانی پسپۆڕی مێژو لەڕەگەزی نێر و مێ لەهەردو بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کە بابەتی مێژو دەڵێنەوە بۆ پۆلەکانی(١١،١٠)ی وێژەیی لەسەرجەم ئامادەییەکانی شاری سلێمانی، کەپێک دێت لە (٨٤) خوێندنگە، (٢٩) لە ڕۆژهەڵات، (٥٥) پەروەردەی ڕۆژئاوا، ژمارەی مامۆستایانی پسپۆڕی مێژو بریتیبون لە (١٩٦) پسپۆڕی مێژو، کە دابەشکرابون بەسەر هەردو بەڕێوبەرایەتییەکانی ڕۆژهەڵات (٦٩) و ڕۆژئاوا (١٢٧) مامۆستای پسپۆڕی مێژوبون بۆساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)، هەروەک لەخشتەی (١)دا خراوەتەڕو.

خشتەی ژمارە(١)

کۆمەڵگەی توێژینەوە بەپێی ڕەگەزو جۆر و ژمارەی خوێندنگاکان کە پسپۆڕی مێژویان تێدایە لە (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)

| بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی | ژمارەی مامۆستایان | | کۆی گشتی | ژمارەی خوێندنگاکان | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | | کوڕان | کچان | تێکەڵاو | |
| ڕۆژهەڵات | ٣١ | ٣٨ | ٦٩ | ١٦ | ١٢ | ١ | ٢٩ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژئاوا | ٤٨ | ٧٩ | ١٢٧ | ٢٣ | ٢٨ | ٤ | ٥٥ |
| کۆی گشتی | ٧٩ | ١١٧ | ١٩٦ | ٣٩ | ٤٠ | ٥ | ٨٤ |

## نمونەی توێژینەوەکە

بەمەبەستی هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەکە، توێژەر شێوازی هەڕەمەکی سادەی چینی بەکارهێنا، بۆ نوێنەرایەتی کردنی نمونەی توێژینەوەکەی، بۆ ئەو مامۆستانەیانەی کە پسپۆڕی مێژون وانەی پۆلی (١٠-١١)ی وێژەیی دەڵێنەوە لە هەردو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ناوەندی پارێزگای سلێمانی، کە ژمارەیان (٩٤) مامۆستای پسپۆڕی مێژوبون، (٣٥) لە ڕەگەزی نێر و (٥٩) لە ڕەگەزی مێ. لە هەردو بەڕێوبەرایەتییەکە لە کۆی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کە ژمارەیان (١٩٦) پسپۆڕبون کە دەکاتە ڕێژەیی(٤٧، ٩٥٪)ی کۆی کۆمەڵگاکە. بڕوانە خشتەی (٢) و (٣).

خشتەی ژمارە(٢)

ژمارەی قوتابخانەکانی نمونەی توێژینەوەکە بەپێ ی ڕێژەی سەدی

| ژ | ناوی بەڕێوبەرایەتی | ژمارەی قوتابخانەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ژمارەی قوتابخانەکانی نمونەی توێژینەوەکە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پەروەردەی ڕۆژهەڵات | ٢٩ | ٢٣ | ٧٩، ٣١٪ |
| ٢ | پەروەردەی ڕۆژئاوا | ٥٥ | ٣٣ | ٦٠٪ |
| کۆی گشتی | | ٨٤ | ٥٦ | ٦٦، ٦٪ |

خشتەی ژمارە(٣)

ژمارەی مامۆستایانی نمونەی توێژینەوەکە بەپێی ڕێژەی سەدی

| ژ | ناوی بەڕێوبەرایەتی | ژمارەی مامۆستایانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ژمارەی مامۆستایانی نمونەی توێژینەوەکە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پەروەردەی ڕۆژهەڵات | ٦٩ | ٣٧ | ٥٣، ٦٢٪ |
| ٢ | پەروەردەی ڕۆژئاوا | ١٢٧ | ٥٧ | ٤٤، ٨٨٪ |
| کۆی گشتی | | ١٩٦ | ٩٤ | ٤٧، ٩٥٪ |

## خەسڵەتەکانی نمونەی توێژینەوەکە:

یەکەم: ڕەگەزی نمونەی توێژینەوەکە:

ڕەگەزی نمونەی توێژینەوە مامۆستایانی پسپۆڕی مێژو ڕەگەزی (نێر و مێ) لە هەردو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ژمارە و ڕێژەی مامۆستایان لەخشتەی (٤) خراوەتەڕو.

خشتەی (٤) وەرگرتنی نمونەی توێژینەوە بەپێی ڕەگەز

| ڕەگەز | ڕۆژهەڵات | | ڕۆژئاوا | | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | | |
| نێر | ١٣ | ٣٥ | ٢٢ | ٣٩ | ٣٥ | ٣٧ |
| مێ | ٢٤ | ٦٥ | ٣٥ | ٦١ | ٥٩ | ٦٣ |
| کۆ | ٣٧ | ١٠٠ | ٥٧ | ١٠٠ | ٩٤ | ١٠٠ |

## دووەم: ساڵانی خزمەتی نمونەی توێژینەوەکە:

لەبارەی ساڵانی خزمەتی مامۆستایانی بەشدار لە توێژینەوەکە، توێژەر لەنێو سێ گروپدا ساڵانی خزمەتی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکەی لەخشتەی ژمارە(٥) خستوەتەڕو.

خشتەی(٥)

وەرگرتنی نمونەی توێژینەوە بەپێی ساڵانی خزمەت

| ساڵانی خزمەت | ڕۆژهەڵات | | ڕۆژئاوا | | کۆ | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ٪ | ژمارە | ٪ | | |
| ٥-١٠ | ١ | ٢,٧٠ | ١ | ١,٧٥ | ٢ | ٢,١٢ |
| ١١-١٥ | ١١ | ٢٩,٧٢ | ١٩ | ٣٣,٣٣ | ٣٠ | ٣١,٩١ |
| ١٦-٢٠ | ١١ | ٢٩,٧٢ | ١٧ | ٢٩,٨٢ | ٢٨ | ٢٩,٧٨ |
| ٢١-٢٥ | ٨ | ٢١,٦٢ | ١٤ | ٢٤,٥٦ | ٢٢ | ٢٣,٤٠ |
| ٢٦-٣٠ | ٦ | ١٦,٢١ | ٦ | ١٠,٥٢ | ١٢ | ١٢,٧٦ |
| کۆی گشتی | ٣٧ | ١٠٠ | ٥٧ | ١٠٠ | ٩٤ | ١٠٠ |

## سێیەم: تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە:

توێژەر لە نێو پێنج گروپدا تەمەنی مامۆستایانی بەشدار لە توێژینەوەکە، لەهەردو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەخشتەی ژمارە (٦) خستوەتەڕو.

خشتەی ژمارە (٦)

وەرگرتنی نمونەی توێژینەوە کە بەپێی تەمەن

| تەمەن | ڕۆژهەڵات | | ڕۆژئاوا | | کۆ | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | | |
| ٣٠-٣٥ | ٣ | ١،٨ | ٠ | ٠ | ٣ | ١٩،٣ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٠-٣٦ | ١٠ | ٢٧، ٠١ | ٢٠ | ٣٥، ٠٨ | ٣٠ | ٣١، ٩ |
| ٤٥-٤١ | ٩ | ٢٤، ٣ | ٢٢ | ٣٨، ٥٩ | ٣١ | ٣٢، ٩٧ |
| ٥٠-٤٦ | ٦ | ١٦، ٢ | ١١ | ١٩، ٢٩ | ١٧ | ١٨ |
| ٥٥-٥١ | ٩ | ٢٤، ٣ | ٤ | ٧، ٠١ | ١٣ | ١٣، ٨٢ |
| کۆ | ٣٧ | ١٠٠ | ٥٧ | ١٠٠ | ٩٤ | ١٠٠ |

چوارەم: شوێنی جوگرافی نمونەی توێژینەوەکە:
شوێنی مامۆستایانی بەشدار لە توێژینەوەکە، لەهەردو پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەخشتەی ژمارە (٧) خستوەتەڕو.

خشتەی ژمارە (٧)

وەرگرتنی نمونەی توێژینەوە کە بەپێی شوێنی جوگرافی

| پەروەردە | ژمارەی خوێندنگا | % |
|---|---|---|
| ڕۆژهەڵات | ٢٩ | ٣٥ |
| ڕۆژئاوا | ٥٥ | ٦٥ |
| کۆی گشتی | ٨٤ | ١٠٠ |

## ئامرازی توێژینەوەکە:

توێژەر بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکەی ئامرازی (تێبینیکردن-الملاحظة)ی بە ئامرازێکی گونجاو بۆ توێژینەوەکەی پەسەندکرد، لە بەکارهێنانی ئەم ئامرازەشدا ڕەچاوی ئامانجی توێژینەوەکە کرا. بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازێك بۆ زانینی ڕادەی بەکارهێنانی لیهاتوییەکانی بیرکردنەوەی میژویی لەلایەن مامۆستایانی بابەتی میژو لە قۆناغی ئامادەییدا لە شاری سلێمانی، تێبینکردنی ڕاستەوخۆ یەکێکە لە گونجاوترین ڕێگاکان بۆ پێوانی لیهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی، چونکە ئەم پرۆسەیە ڕێکارێکە کە لایەن توێژەرەوە ئەنجام دەدرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە ڕێگەی سەرنجدان و چاودێریکردنی هەڵسوکەوتی مامۆستایان.

تێبینیکردن: یەکێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ڕەفتار و هەڵوێستی ڕاستەقینەی تاک، ئەو زانیاریانەی لە تیبینیکردنەوە بەدەستدێت هەندێکجار بە بەکارهێنانی شێوازەکانیتری کۆکردنەوەی زانیاری وەک (ڕاپرسی، چاوپێکەوتن) بەدەستناهێنرێت (عليان،٢٠٠١:١١٥).

## هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە :

توێژەر بۆ بنیادنانی پێوەرەکە چەند هەنگاوێکی گرتوەتەبەر وەك:

- چاوخشاندنەوە بەتوێژینەوەکانی پێشو: بەمەبەستی دیاریکردنی تەوەرەکانی فۆڕمەکە توێژەر چەند توێژینەوەیەکی دەستکەوت کە بریتیبون لە توێژینەوەکانی: [(هناء،٢٠١٦)، (العزاوي،٢٠١٢)، (جري،٢٠١٢)، (ناصر،٢٠١٥) [(جمال واخرون،٢٠١٧)، (الغزولي،٢٠٢٠)، (الصعوب،٢٠٠٣)، (خريشه، ٢٠٠٤)، (بنی فارس، ٢٠١٢)]
- چاوپێکەوتن و سەرنجدانی نمونەیەک لەمامۆستایان لە قوتابخانە ئامادەییەکان.
- پێداچونەوە بەکۆمەڵێک ئەدەبیاتی ناوخۆی وعەرەبی و بیانی کە باس لەبابەتی بیرکردنەوەی مێژویی دەکات لەلایەن مامۆستای بابەتی مێژو.

لەئەنجامی ئەم کارانە توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی پێوەری (لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی) کە لە (٣٠) برگە و (٥) تەوەر پێکهاتوە، بژاردەی برگەکانی بریتین لە [زۆرجار (٣نمرە)، هەندێجار(٢ نمرە)، هەرگیز(١ نمرە)]، کە بەسەر هەریەک لەتەوەرەکانی: (ڕیزبەندی کاتی- وەرگرتن و تێگەشتنی مێژویی- شیکاری ڕونکردنەوەی مێژویی- تواناکانی لێکۆڵینەوەی مێژویی- شیکاری پرسە مێژوییەکان و بڕیاردان)دا دابەشکرابون. بەمەبەستی دڵنیابون لە ڕادەی زانستی بونی ئامرازەکە و گونجاوی بۆکۆکردنەوەی داتاکان و زانیارییەکان، ڕاستی و جێگیری بۆ دەرهێنرا بەم شێوەیەی خوارەوە:

## ڕاستی ئامرازی توێژینەوەکە:

## ڕاستی ڕواڵەتی بۆ ئامادەکردنی ئامرازاکە:

مەبەست لەڕاستی ڕواڵە تی، ئامرازی توێژینەوە ئایا ئامرازەکە لە ڕوکەش و ڕواڵەتدا، تا چەند دیاردەکە دەپێوێت و ڕادەی برگە کانی پێوانەکە تەنها ئەوگۆڕاوەی بۆی دانراوە پێوانە دەکات (بۆکانی،٢٠١٦:١٧٤).

بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی ڕواڵەتی توێژەر ڕاوبۆچونی شارەزایانی وەرگرت، بۆ ئەو مەبەستە پێوانەکە خرایە بەردەستی (١٧) شارەزا و پسپۆڕی (پەروەردە و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەرونناسی و پێوانە و هەڵسەنگاندن)، داوایانلێکراوە ڕاوبۆچونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی و نەگونجای و ڕاستکردنەوەی برگەکان دەربڕن و هەر گۆڕانکارییەك پێیان باشە پێشنیازی بکەن، وەك لەخشتەی ژمارە (٨) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (٨)

ئەنجامی ڕێژەی سەدی بەپێی بۆچونی شارەزایان لەسەر برگەکانی فۆڕمی تێبینیکردنەکە

| ژ | تەوەرەکان | ژمارەی شارەزایان | ژمارەی برگە | پەسەند | | ناپەسەند | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ژ. پسپۆڕ | ڕێژەی سەدی | ژ. پسپۆڕ | ڕێژەی سەدی |
| ١ | ڕیزبەندی کاتی | ١٧ | ١ | ١٧ | 100 | ٠ | 0 |
| | | | ٦ | ١٥ | 88.2352941 | ٢ | 11.76471 |
| | | | ٣،٥ | ١٦ | 94.1176471 | ١ | 5.882353 |
| | | | ٢،٤ | ١٦ | 94.1176471 | ١ | 5.882353 |
| ٢ | | ١٧ | ٨ | ١٧ | 100 | ٠ | 0 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 17.64706 | ٣ | 82.3529412 | ١٤ | ١١ | | وەرگرتن و تێگەیشتنی مێژویی | |
| 0 | ٠ | 100 | ١٧ | ٧،٩،١٠،١٢ | | | |
| 17.64706 | ٣ | 82.3529412 | ١٤ | ١٧،١٨ | ١٧ | شیکاری ڕونکردنەوەی مێژوی | ٣ |
| 5.882353 | ١ | 94.1176471 | ١٦ | ١٣،١٤،١٥،١٦ | | | |
| 11.76471 | ٢ | 88.2352941 | ١٥ | ١٩،٢١ | ١٧ | تواناکانی لێکۆڵینەوەی مێژویی | ٤ |
| 5.882353 | ١ | 94.1176471 | ١٦ | ٢٢ | | | |
| 0 | ٠ | 100 | ١٧ | ٢٠،٢٣،٢٤ | | | |
| 0 | ٠ | 100 | ١٧ | ٢٥،٢٦،٢٧،٢٨ ٢٩،٣٠، | ١٧ | شیکاری پرسە مێژوییەکان و بڕیاردان | ٥ |
| | | %93.66516 | | | ١٧ | کۆی گشتی | |

لەدوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان بەپێی بۆچونی پسپۆڕان و شارەزایان تەنیا ئەو بڕگانە مانەوە کە ڕێژەی ڕێکەوتن لەسەر مانەوەیان (٩٣٪) بو، لەم ڕووەوە ئاماژەبەوەکراوە کاتێک ڕێژەی کۆدەنگی پسپۆڕان (٧٥٪) زیاتربێت ئەوا پەسەند دەکرێت لەلایەنی ڕاستی ڕواڵەتییەوە (الصدق الظاهري) (الزوبعي،١٩٨١:٤٤)، بەپێی پێشنیاری پسپۆڕان لەکۆی (٣٠) بڕگە، شارەزایان کۆکبون لەسەرئەوەی گۆڕانکاری لە (١٠) بڕگەدا لەڕوی زمانەوانییەوە داڕشتنەوەیان بۆ بکرێت، ئەوانیش هەریەک لەبڕگەی (٦) لەتەوەری ڕیزبەندی کاتی، بڕگەی (١١) لەتەوەری وەرگرتن و تێگەیشتنی مێژویی، بڕگەکانی (١٧،١٨) لەتەوەری شیکاری ڕونکردنەوەی مێژویی، بڕگەکانی (١٩،٢١) لەتەوەری تواناکانی لێکۆڵینەوەی مێژویی، هەروەها بڕگەکانی (٣، ٥) لەتەوەری ڕیزبەندی کاتی و بڕگەی (٨) لەتەوەری وەرگرتن و تێگەیشتنی مێژویی، بڕگەی (٢٢) لەتەوەری تواناکانی لێکۆڵینەوەی مێژوی، لەڕوی زمانەوانییەوە داڕشتنەوەیان بۆ بکرێت، بەهەمان شێوەی پسپۆڕان دیاریانکردبو جێبەجێکرا. بەم جۆرە لەشێوەی کۆتاییدا ژمارەی بڕگەکان (٣٠) بڕگە وەک خۆیان مانەوە و هیچ بڕگەیەک لانەبرا.

## ڕاستێتی جیاکاری (تمیز):

مەبەست لەهاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی هەر پێوانەیەک توانای ئەو بڕگانە لەجیاکاری نێوان ئەو بڕگانە کە لاوازن و ئەو بڕگانەی کە بەهێزن (علام،٢٠٠٧:٢٨٩). هەر بۆیە توێژەر هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ بڕگەکانی فۆڕمی تێبینیەکە دەرهێناوە بەپشت بەستن بەم هەنگاوانەی خوارەوە.

١- ڕیزبەندیکردنی ئەو نمرانەی کە تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بە دەستیانهێناوە لەبەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە.

٢- دابەشکردنی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ دو گروپ، گرۆپێك کە زۆرترین نمرەیان بەدەستهێناوە بەرێژەی (٢٧٪) کە ژمارەیان (٢٦) مامۆستای پسپۆڕی مێژو بو، گروپێك کە کەمترین نمرەیان بەدەستهێناوە بەرێژەی (٢٧٪) کە ژمارەیان (٢٦) مامۆستای پسپۆڕی مێژو بو، هەروەها دورخستنەوەی ئەو گروپەی کە ناوەندبون.

٣- بەكارهێنانی تاقیكردنەوەی تائی بۆ نمونەی سەربەخۆ( Two Test-T Samples Intdepent) بە بەكارهێنانی بەرنامەی ئاماری(Spss) بۆ هەر بڕگەیەك.

خشتەی (٩)

*هێزی جیاكاری بۆ برگەكانی پێوانكاری لێهاتویی بیركردنەوەی مێژویی*

| ز | كۆمەڵە بەرزەكان | | كۆمەڵە نزمەكان | | تای ژمێرەیی | ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| ١ | 1.3704 | .49210 | 1.0741 | .26688 | -2.750 | .008 بەڵگەدارە |
| ٢ | 2.9259 | .26688 | 2.3333 | .83205 | -3.524 | .001 بەڵگەدارە |
| ٣ | 1.2593 | .44658 | 1.0370 | .19245 | -2.375 | .021 بەڵگەدارە |
| ٤ | 1.3704 | .49210 | 1.0741 | .26688 | -2.750 | .008 بەڵگەدارە |
| ٥ | 1.5185 | .50918 | 1.2593 | .44658 | -1.989 | .052 بەڵگەدارە |
| ٦ | 2.7407 | .59437 | 2.1852 | .78628 | -2.929 | .005 بەڵگەدارە |
| ٧ | 1.9630 | .70610 | 1.5556 | .64051 | -2.221 | .031 بەڵگەدارە |
| ٨ | 2.9259 | .26688 | 2.3333 | .83205 | -3.524 | .001 بەڵگەدارە |
| ٩ | 1.3704 | .49210 | 1.0741 | .26688 | -2.750 | .008 بەڵگەدارە |
| ١٠ | 1.3704 | .49210 | 1.0741 | .26688 | -2.750 | .008 بەڵگەدارە |
| ١١ | 2.7407 | .59437 | 2.1852 | .78628 | -2.929 | .005 بەڵگەدارە |
| ١٢ | 2.9259 | .26688 | 2.3333 | .83205 | -3.524 | .001 بەڵگەدارە |
| ١٣ | 1.3704 | .49210 | 1.0741 | .26688 | -2.750 | .008 بەڵگەدارە |
| ١٤ | 1.9630 | .70610 | 1.5556 | .64051 | -2.221 | .031 بەڵگەدارە |
| ١٥ | 2.7407 | .59437 | 2.1852 | .78628 | -2.929 | .005 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەڵگەداره | | | | | | |
| .031 بەڵگەداره | -2.221 | .64051 | 1.5556 | .70610 | 1.9630 | ١٦ |
| .002 بەڵگەداره | -3.317 | .39585 | 1.1852 | .50071 | 1.5926 | ١٧ |
| .000 بەڵگەداره | -3.875 | .74726 | 1.5926 | .79707 | 2.4074 | ١٨ |
| .052 بەڵگەداره | -1.989 | .44658 | 1.2593 | .50918 | 1.5185 | ١٩ |
| .005 بەڵگەداره | -2.929 | .78628 | 2.1852 | .59437 | 2.7407 | ٢٠ |
| .005 بەڵگەداره | -2.929 | .78628 | 2.1852 | .59437 | 2.7407 | ٢١ |
| .031 بەڵگەداره | -2.221 | .64051 | 1.5556 | .70610 | 1.9630 | ٢٢ |
| .000 بەڵگەداره | -5.222 | .42366 | 1.2222 | .81824 | 2.1481 | ٢٣ |
| .000 بەڵگەداره | -3.875 | .74726 | 1.5926 | .79707 | 2.4074 | ٢٤ |
| .001 بەڵگەداره | -3.524 | .83205 | 2.3333 | .26688 | 2.9259 | ٢٥ |
| .004 بەڵگەداره | -2.975 | .19245 | 1.0370 | .48038 | 1.3333 | ٢٦ |
| .031 بەڵگەداره | -2.221 | .64051 | 1.5556 | .70610 | 1.9630 | ٢٧ |
| .001 بەڵگەداره | -3.451 | .42366 | 1.2222 | .65590 | 1.7407 | ٢٨ |
| .000 بەڵگەداره | -3.875 | .74726 | 1.5926 | .79707 | 2.4074 | ٢٩ |
| .005 بەڵگەداره | -2.929 | .78628 | 2.1852 | .59437 | 2.7407 | ٣٠ |
| .000 بەڵگەداره | - 14.089 | 1.33973 | 43.1111 | 2.47437 | 50.7407 | كۆی گشتی |

لەئەنجامدا هەمو بڕگەكان بەڵگەداربون، بەمەش هیچ بڕگەیەک لانەبرا و وەک خۆیان مانەوە.

## جێگری توێژینەوەکە:

توێژەر بۆ دیاریکردنی جێگری پێوانەکەی چەند ڕێگەیەکی بەکارهێنا وەک:

### ڕێگەی یەکەم: تاقیکردنەوە و دوبارە تاقیکردنەوە:

بۆدەرهێنانی جێگیری پێوەرەکە، توێژەر ڕێگەی دوبارە تاقیکردنەوەی بەکارهێنا، کە بریتیبو لە (٢٠) مامۆستای پسپۆڕی مێژو لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لەماوەی نێوان (١٧) ڕۆژدا دوبارە پێوانەکە لەسەر هەمان نمونە جێبەجێکرایەوە لەڕێکەوتی (٢٠٢٣\١١\٢٥) بۆ ڕێکەوتی (٢٠٢٣\١٢\١١)، لەڕێگەی بەکارهێنانی (هاوکۆلکەی پێرسون)ەوە، ڕادەی پەیوەستبونی هەردو تاقیکردنەوەکە دەرکەوت بەهای جێگیری پێوەرەکە بریتیە لە (**٩٣٨٪)، ئەمەش واتای وایە جێگری لەئاستێکی بەرزدایە و گونجاوە بۆ جێبەجێکردن، ئەم ڕێژەیەش بەباش و گونجاو دادەنرێت ئەگەر بەراوردبکرێت بەپێوەرە گشتییەکانی هەڵسەنگاندنی هاوکۆلکەی پەیوەندی، کە ئاماژەیکردوە بەوەی ئەگەر هاوکۆلکەی پەیوەندی دوجاکراو(٢،) و بەهاکەی لەنێوان (٠، ٥٠-٠، ٧٥) بە بەهێز و زیاتر لە (٠، ٧٥) بەزۆر بەهێز دادەنرێت (البياتي وزكريا،١٩٧٧: ١٩٤). واتە ئامرازەکە بەزانستی دادەنرێت و دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکانی توێژینەوەکە، وەکو لەخشتەی ژمارە (١٠)دا خراوەتەڕو.

خشتەی ژمارە(١٠)

هاوکۆلکەی جێگیری بۆپێوەری لێهاتوی بیرکردنەوەی مێژویی لەنێوان جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی جاری یەکەم وجاری دوەم

| پێوەری لێهاتوی بیرکردنەوەی مێژویی | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی پێرسۆن | بەهای بەڵگەداری ٠.٠٠١ |
|---|---|---|---|---|---|
| **تاقیکردنەوەی جاری یەکەم** | ٢٠ | ٥٧.٢٥٠٠ | ٥,٦١٨٣٤ | .٩٣٨ ** | ٠.٥٧٩ **لەڵگەدار نییە** |
| **تاقیکردنەوەی جاری دوەم** | ٢٠ | ٥٨.١٥٠٠ | ٤.٤٧٥٣٧ | | |

### ڕێگەی دوەم: ڕێگەی ئەلفا –کرۆنباخ:

ڕێگەی ئەلفاکرۆنباخ بۆ دیاریکردنی جێگیری ناوەکی بەکارهێنرا، چونکە ئەم ڕێگەیە ئاستی گونجاوی بڕگەکان لەگەڵ یەکتردا دەردەخات تا چە ند بڕگەکان هەمان بابەت پێوانەدەکەن (کشرود،٢٠٠٧: ١٢٥)، پاش جێبەجێکردنی پێوانەکە بەسەر (٢٠) مامۆستای پسپۆڕی مێژو لەدەرەوەی نمونەی توێژینەوەکە، دەرکەوت کە ڕێژەی جێگیری پێوانە کە بریتییە لە (٧٦، ٣) کە ئەمەش جێگیریەکی پەسەندە و ئاستی جێگیری بڕگەکان دەردەخات.

### ڕێگەی سێیەم: ڕێگەی کەرتکردنی نیوەیی:

بۆ دڵنیابونەوە لەڕێگەی ئەلفا-کرۆنباخ بۆ جێگیری پێوانەکەمان، هەستاین بەدەرکردنی جێگیری پێوانەکە بەڕێگەیەکیتر ئەویش بەڕێگەی کەرتکردنی نیوەی دەستنیشانکرا، یەکێکە لەڕێگەکانی دەرکردنی جێگیریی ئامرازی توێژینەوە، بەپێی ئەم ڕێگەیە توێژەر ئەو نمرانەی لەئەنجامی تاقیکردنەوەکەیەوە بەدەستیدەهێنێت بەسەر دو نیوەی هاوتادا (نیوەی یەکەم

ژمارە تاکەکان) (نیوەی دووەم ژمارە جوتەکان) دابەشدەکات. بەهای هاوکۆلکەی پیرسۆن لەنێوان نمرە تاک و جوتەکانی فۆڕمەکەدا گەیشتوەتە (۰،۹۰) کە ئەم بەهایەش گوزارشتە کە جێگری فۆڕمەکە لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە و پەسەندە.

## جێبەجێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە:

پاش دڵنیابون لە ڕاستگۆیی و نەگۆڕی ئامرازی توێژینەوەکە (فۆڕمی تێبینیکردن)، توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی ئامرازەکە بەسەر نمونەی توێژینەوەکە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣\١١\٢٥ تا ٢٠٢٣\١٤\١٣)، کە بریتیبون لە (٩٤) مامۆستای پسپۆڕی بابەتی مێژو لە پۆلەکانی (١١،١٠)ی وێژەیی لە خوێندنگە ئامادەییەکانی شاری سلێمانی لە هەردو بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی لەناوەندی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)، بە پشتبەستن بە خشتەی وانەکان توێژەر سەردانی خوێندنگاکانی کرد بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئامرازەکە بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا.

## ئامرازە ئامارییەکانی توێژینە وەکە:

١- هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (معامل اارتباط بیرسون)، بۆ پێوانەی جێگیری.
٢- تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەک نمونە بۆ ژماردنی گونجاوی برگەکان.
٣- هاوکۆلکەی ئەلفاکرۆنباخ بۆ ژماردنی جێگیری.
٤- ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ زانینی تێکرا بەهاکانی.

## ئەنجامەکانی توێژینەوە و گفتوگۆکردنیان:

### ئەنجامی ئامانجی یەکەم:

زانیین و دەستنیشانکردنی ئاستی بەکارهێنانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی مامۆستایانی بابەتی مێژو لەقۆناغی ئامادەییدا لەناوەندی پارێزگای سلێمانی. بۆبەدیهێنانی ئەم ئامانجە تاقیکردنەوەی(T) بۆیەک سامپڵ بەکارهێنراوە one samples Test). کە ئەنجامەکەی لەخشتەی/ ١١ خراوەتەڕو.

خشتەی (١١)

خستنەڕوی ئاستی لێهاتویی بەگشتی

خستنەڕوی ئەنجامی تاقیکردنەوەی (تائی) لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی بۆ مامۆستایانی بابەتی مێژو

| | ژمارەی سامپڵی توێژینەوە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | بەهای (T) هەژمارکراو | بەهای (T) خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لێهاتویی | ٩٣ | 46.9787 | 3.34400 | ٩٣ | 136.207 | ١.٩٩٠ | ٠.٠٠٠ بەڵگەدار |

لەخشتەی ژمارە (١١)دا ڕونکراوەتەوە کە تێکڕای ناوەندی ژمێرەیی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی گەیشتوەتە بەهای (46.9787 ) بەلادانی پێوەری (3.34400) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (تائی) هەژمارکراو بەبەهای (136.207) گەورەترە (بەرزترە) لە تای خشتەیی (1.990) بەم پێیە ئێمە دان بەوەدا دەنێین کە جیاوازییەکی بەرچاو لەڕوی ئامارییەوە لە ئاستی

بەڵگەداری لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی و مامۆستایانی بابەتی مێژوودا هەیە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مامۆستایانی بابەتی مێژو لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی هەیە، توێژەر پێیوایە بەشێک لەهۆکارەکەی ئەم ئەنجامەش بەهۆی توانای مامۆستایان و بونی تایبەتمەندی جیاواز و تێگەیشتن لە گۆڕانکارییەکان کە پەیوەندی بەگرنگیدانی خودی مامۆستایانی پسپۆری مێژووەوە هەیە، ئەم ئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەکانی (بنی فارس،٢٠١٢)، (جمال والاخرون،٢٠١٧) یەکدەگرێتەوە و لەگەڵ توێژینەوەکانی (العزاوي،٢٠١٢)، (جري،٢٠١٢) جیاوازە.

## ئەنجامی ئامانجی دوەم: بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

زانینی ئاستی بەکارهێنانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی مامۆستایانی بابەتی مێژو بەپێی گۆڕاوەی (ڕەگەز، ساڵانی خزمەت، تەمەن، شوێن) لەسەر لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی.

جیاوازی نێوان لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی و مامۆستایانی بابەتی مێژوودا بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش تاقیکردنەوەی (T) بۆ دو سامپڵ بەکارهێنراوە (Independent samples Test). کە ئەنجامەکەش لەخشتەی (١٢) خراوەتەڕو.

خشتەی (١٢)

تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ژمێرەیی نمرەی پێوانکاریەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| بوارەکان | ڕەگەز | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای(T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ریزبەندی کاتی | نێر | 35 | 10.2571 | 1.46213 | -.718 | .475 بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 59 | 10.4746 | 1.34364 | | |
| وەرگرتن و تێگەیستن مێژویی | نێر | 35 | 9.4286 | .97877 | -1.053 | .296 بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 59 | 9.6441 | .92406 | | |
| شیکاری ڕونکردنەوەی مێژویی | نێر | 35 | 8.8571 | 1.24009 | .991 | .325 بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 59 | 8.5932 | 1.26107 | | |
| تواناکانی لێکۆڵینەوەی مێژویی | نێر | 35 | 9.4571 | 1.22097 | 1.597 | .462 بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 59 | 9.0678 | .99766 | | |
| شیکاری پرسە مێژوییەکان و بڕیاردان | نێر | 35 | 9.2286 | 1.05957 | .757 | .451 بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 59 | 9.0508 | 1.16595 | | |
| | نێر | 35 | 47.2286 | 3.34388 | .557 | .579 بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 59 | 46.8305 | 3.36387 | | |

(نە بەپێی بوار نە بەپێی کۆی گشتی جیاوازی نییە لە نێوان نێرو مێ)

لەخشتەی ژمارە (١٢) ڕونکراوەتەوە کە تێکڕای ناوەندی ژمێرەیی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی بۆ ڕەگەزی نێر یەکسانە بەتێکڕای ناوەندی ژمێرەیی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی بۆ ڕەگەزی مێ، بەم پێیەش ئێمە دان بەوەدا دەنێین، کە لەڕوی ئامارییەوە جیاوازییەکی بەرچاو لە ئاستی بەڵگەداری لە نێوان لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێدا نابینین، هەر بۆیەش بەڵگەدار نییە، هەردو ڕەگەز وەک یەک بیریانکردوەتەوە لە بەکارهێنانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی. توێژەر پێیوایە بەشێک لەهۆکارەکەی ئەم ئەنجامەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگەیەی کە هەردو ڕەگەز کاری تێدادەکەن یەک شێوازو تێڕوانینیان هەیە بەرانبەر هەردو ڕەگەز، لەلایەکیتر دەگەڕێتەوە بۆ هاوڕایی و نزیکی وهاوتای بیرکردنەوەو تێڕوانینی مامۆستایانی پسپۆڕی مێژو لەهەردو ڕەگەز بۆ پێوەری بەکارهێنانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی، ئەم ئەنجامەش هاوتایە لەگەڵ توێژینەوەی (الغزولي،٢٠٢٠)، پێچەوانەیە لەگەڵ توێژینەوەی (جمال والاخرون،٢٠١٧).

## بەپێی گۆڕاوی تەمەن:

جیاوازی نێوان لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی و مامۆستایانی بابەتی مێژودا بەپێی گۆڕاوی تەمەن، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش تاقیکردنەوەی ڕێگای یەک نمونەی ئەنۆڤا (One Way ANOVA) بەکارهاتوە، کە ئامانجەکەش لەخشتەی (١٣) خراوەتەڕو.

خشتەی (١٣)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ژمێرەیی نمرەی پێوەرەکە بەپێی گۆڕاوی تەمەن

| بوارەکان | هاوکۆلکەی پەیوەندی | نمرەی ئازادی | مجموع المربعات | متوسط المربعات | بەهای هەژمارکراو(F) | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕیزبەندی کاتی | نێوان چوارینەکان | 4 | 2.790 | .697 | .353 | .841 بەڵگەدار نییە |
| | ناوەندی چوارینەکان | 89 | 175.646 | 1.974 | | |
| | کۆی گشتی | 93 | 178.436 | | | |
| وەرگرتن و تێگەیشتنە مێژویی | نێوان چوارینەکان | 4 | 9.173 | 2.293 | 2.760 | .032 بەڵگەدارە |
| | ناوەندی چوارینەکان | 89 | 73.944 | .831 | | |
| | کۆی گشتی | 93 | 83.117 | | | |
| | نێوان چوارینەکان | 4 | 15.865 | 3.966 | 2.711 | .035 بەڵگەدارە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| شیکاری ڕونکردنەوەی مێژویی | ناوەندی چوارینەکان | 89 | 130.188 | 1.463 | | |
| | کۆی گشتی | 93 | 146.053 | | | |
| تواناکانی لێکۆڵینەوەی مێژویی | نێوان چوارینەکان | 4 | 3.714 | .929 | .765 | .551 بەڵگەدار نییە |
| | ناوەندی چوارینەکان | 89 | 108.030 | 1.214 | | |
| | کۆی گشتی | 93 | 111.745 | | | |
| شیکاری پرسە مێژویەکان و بڕیاردان | نێوان چوارینەکان | 4 | 4.852 | 1.213 | .956 | .436 بەڵگەدار نییە |
| | ناوەندی چوارینەکان | 89 | 112.861 | 1.268 | | |
| | کۆی گشتی | 93 | 117.713 | | | |
| کۆی گشتی | نێوان چوارینەکان | 4 | 87.781 | 21.945 | 2.051 | .094 بەڵگەدار نییە |
| | ناوەندی چوارینەکان | 89 | 952.176 | 10.699 | | |
| | کۆی گشتی | 93 | 1039.957 | | | |

لەخستەی ژمارە(١٣)دا لەئەنجامی شیکاری یەک ئاراستەیی (أحادي الاتجاه)دا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری گرنگ نییە لە (ڕیزبەندی کاتی، تواناکانی لێکۆڵینەوەی مێژویی، شیکاری پرسە مێژوییەکان و بڕیاردان) بەپێی تەمەن، بەڵام دەرکەوت کە جیاوازییەکی بەرچاو لەڕوی ئامارییەوە هەیە لە (وەرگرتن و تێگەیشتنی مێژویی) بەپێی تەمەن، کە بەهای (F) (٢، ٧٦٠) لەگەڵ بەهای ئەگەری (بقیمة احتمالیة) (.032) هات، کەمترە لەبەهای بەڵگەداری (0.05). هەروەها جیاوازییەکی ئاماریی بەرچاو لە (شیکاری ڕوکردنەوەی مێژویی) بەپێی تەمەن هەیە، کە بەهای (F) (2.711) بە بەهای ئەگەری (بقیمة احتمالية) (.035) کەمتر لەئاستی بەڵگەداری (0.05).

بەکۆی گشتی جیاوازی نییە بۆ لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی بەپێی گۆڕاوی تەمەن، بەڵام بەپێی بوارەکان بواری (وەرگرتن و تێگەیشتنی مێژویی، شیکاری ڕوکردنەوەی مێژویی) جیاوازی هەیە لەنێوان نمونەی توێژینەوەکە بەپێی تەمەن. بۆ زانینی جیاوازی کاریگەری کۆمەڵی تەمەنەکان بەڕێگەی (Scheffe) دەرکەوت کە بواری (وەرگرتن و تێگەیشتنی مێژویی) جیاوازی لەنێوان کۆمەڵەی تەمەنی (٣٠-٣٥ و ٤١-٤٥)دا بو، بەهەمان شێوە بۆ بواری (شیکاری ڕوکردنەوەی مێژویی) جیاوازیەکە لەنێوان هەمان دو کۆمەڵەدا بو. توێژەر پێیوایە بەشێک لەهۆکارەکەی ئەم ئەنجامەش دەگەڕێتەوە بۆ توانا و کارامەیی و ئارەزوی مامۆستایانی پسپۆڕی مێژوی هەردو کۆمەڵەی تەمەنی (٣٠-٣٥ و ٤٢-٤٥) لە هەردو بواری (وەرگرتن و تێگەیشتنی مێژویی) و(شیکاری ڕوکردنەوەی مێژویی) بۆ بەکارهێنانی لیهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەئاستێکی بەرزتر، بەراورد بە کۆمەڵەی تەمەنەکانی تر، بەڵام بەکۆی گشتی جیاوازی نییە بۆ لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی بەپێی گۆڕاوی

تەمەن، لەکاتی بەراوردکردنی ئەم ئەنجامە بە توێژینەوەکانی پێشو کە دەست توێژەر کەوتون، دەرکەوت پێوانەکردنی ئاستی بەکارهێنانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی بەپێی گۆڕاوی (تەمەن) لای مامۆستایانی پسپۆڕی مێژو پێشتر نەکراوە.

## بەپێی گۆڕاوی شوێن:

جیاوازی نێوان لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی و مامۆستایانی بابەتی مێژودا بەپێی گۆڕاوی شوێن، بۆبەدیهێنانی ئەم ئامانجەش تاقیکردنەوەی (T) بۆ دو سامپڵ بەکارهێنراوە (Independent samples Test). کە ئامانجەکەش لەخشتەی (١٤) خراوەتەڕو.

خشتەی (١٤)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ژمێرەیی نمرەی پێوانکاریەکە بەپێی گۆڕاوی شوێنی بەڕێوەبەرایەتی

| بوارەکان | شوێنی بەڕێوبەرایەتی | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای(T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕیزبەندی کاتی | ڕۆژهەڵات | 37 | 10.1081 | 1.46787 | -.718 | .475 بەڵگەدار نییە |
| | ڕۆژئاوا | 57 | 10.5789 | 1.30859 | | |
| وەرگرتن و تێگەیستن مێژویی | ڕۆژهەڵات | 37 | 9.7568 | .98334 | -1.053 | .296 بەڵگەدار نییە |
| | ڕۆژئاوا | 57 | 9.4386 | .90667 | | |
| شیکاری ڕونکردنەوەی مێژویی | ڕۆژهەڵات | 37 | 9.6757 | .85160 | .991 | .325 بەڵگەدار نییە |
| | ڕۆژئاوا | 57 | 8.0526 | 1.04234 | | |
| تواناکانی لێکۆڵینەوەی مێژویی | ڕۆژهەڵات | 37 | 9.1892 | .99549 | 1.597 | .462 بەڵگەدار نییە |
| | ڕۆژئاوا | 57 | 9.2281 | 1.16523 | | |
| شیکاری پرسە مێژوییەکان و بڕیاردان | ڕۆژهەڵات | 37 | 9.5135 | 1.23876 | .757 | .451 بەڵگەدار نییە |
| | ڕۆژئاوا | 57 | 8.8596 | .97172 | | |
| کۆی گشتی | ڕۆژهەڵات | 37 | 48.2432 | 2.73258 | .557 | .579 بەڵگەدار نییە |
| | ڕۆژئاوا | 57 | 46.1579 | 3.46817 | | |

خشتەی (١٤) ئەوە نیشان دەدات کە تێکڕای کۆی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی (ڕیزبەندی کاتی، وەرگرتن و تێگەیشتنی مێژویی، شیکاری ڕونکردنەوەی مێژویی، تواناکانی لێکۆڵینەوەی مێژویی، شیکاری پرسە مێژوییەکان و بڕیاردان) لەپەروەردەی ڕۆژهەڵاتدا بەهای (٤٨، ٢٤٣٢) بوە لەگەڵ لادانی پێوەری (٢، ٧٣٢٥٨) (الانحراف معياري)، کە یەکسانە بەکۆی تێکڕای لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی (ڕیزبەندی کاتی، وەرگرتن و تێگەیشتنی مێژویی، شیکاری ڕونکردنەوەی مێژویی، تواناکانی لێکۆڵینەوەی مێژویی، شیکاری پرسە مێژوییەکان و بڕیاردان) لەپەروەردەی ڕۆژئاوا،بەهای (٤٦، ١٥٧٩) بەلادانی پێوەری (الانحراف معياري) (٣، ٤٦٨١٧) بو، هەروەها ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت) (٥٥٧. ) بو کە بەهای ئەگەری (قيمة احتمالية) (٠٥٧٩) زیاتر بو لەئاستی بەڵگەداری (٠، ٠٥)،

بەم پێیە گەشتینە ئەوەی کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لەئاستی بەڵگەداری لەنێوان تێکرای لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی ڕۆژهەڵات و لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی ڕۆژئاوادا نییە. واتە: بەکۆی گشتی هیچ جیاوازییەک نییە لە لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی بەپێی گۆڕاوی (شوێنی) لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. توێژەر پێیوایە بەشێک لەهۆکارەکەی ئەم ئەنجامەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگەیەی مامۆستایانی هەردو پەروەردە کاری تێدادەکەن، هەمان کاریگەری لەسەر تێڕوانین و بیرکردنەوەی مامۆستایانی هەردو پەروەردەکە هەیەو یەک بەرکەوتەیان هەیە لەگەڵ شوێنی پیشەکەیان. لەکاتی بەراوردکردنی ئەم ئەنجامە بە توێژینەوەکانی پێشو کە دەست توێژەر کەوتون، دەرکەوت پێوانەکردنی ئاستی بەکارهێنانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی بەپێی گۆڕاوی (شوێن) لای مامۆستایانی پسپۆڕی مێژو پێشتر نەکراوە.

## بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت

جیاوازی نێوان لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوویی و مامۆستایانی بابەتی مێژودا بەپێی گۆڕای ساڵانی خزمەت، بۆبەدیهێنانی ئەم ئامانجەش تاقیکردنەوەی ڕێگای یەک نمونەی ئەنۆڤا بەکارهاتوە، وەک لەخشتەی (١٥) خراوەتەڕو.

خشتەی (١٥)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازی نێوان ژمێرەیی نمرەی پێوەرەکە بەپێی گۆڕاوی خزمەت

| بوارەکان | هاوکۆلکەی پەیوەندی | نمرەی ئازادی | مجموع المربعات | متوسط المربعات | بەهای (F)هەژمارکراو | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **ڕیزبەندی کاتی** | **نێوان چوارینەکان** | ٤ | 4.494 | 1.123 | .٥٧٥ | .٦٨٢ بەڵگەدار نییە |
| | **ناوەندی چوارینەکان** | ٨٩ | 173.942 | 1.954 | | |
| | **کۆی گشتی** | 93 | 178.436 | | | |
| **وەرگرتن و تێگەیستن مێژوویی** | **نێوان چوارینەکان** | ٤ | 9.414 | 2.354 | 2.842 | ٠.٠٢٩ بەڵگەدارە |
| | **ناوەندی چوارینەکان** | **٨٩** | 73.703 | .828 | | |
| | **کۆی گشتی** | **٩٣** | 83.117 | | | |
| **شیکاری ڕونکردنەوەی مێژوویی** | **نێوان چوارینەکان** | ٤ | 9.472 | 2.368 | 1.543 | .١٩٧ بەڵگەدار نییە |
| | **ناوەندی چوارینەکان** | **٨٩** | 136.581 | 1.535 | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی | ٩٣ | 146.053 | | | |
| تواناکانی لێکۆڵینەوەی مێژویی | نێوان چوارینەکان | ٤ | 2.052 | .513 | .416 | .797 بەڵگەدار نییە |
| | ناوەندی چوارینەکان | ٨٩ | 109.693 | 1.233 | | |
| | کۆی گشتی | ٩٣ | 111.745 | | | |
| شیکاری پرسە مێژوییەکان و بڕیاردان | نێوان چوارینەکان | ٤ | 14.221 | 3.555 | 3.057 | .021 بەڵگەدارە |
| | ناوەندی چوارینەکان | ٨٩ | 103.492 | 1.163 | | |
| | کۆی گشتی | ٩٣ | 117.713 | | | |
| کۆی گشتی | نێوان چوارینەکان | ٤ | 69.966 | 17.491 | 1.605 | .180 بەڵگەدار نییە |
| | ناوەندی چوارینەکان | ٨٩ | 969.991 | 10.899 | | |
| | کۆی گشتی | ٩٣ | 1039.957 | | | |

لەخشتەی ژمارە(١٥) ئەنجامەکانی (تحليل التبياين احادی الاتجاه) شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە نیشاندەدات کە بەشێوەیەکی گشتی دەگەینە ئەوئەنجامەی کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەرچاونییە لە کۆی گشتی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی (ڕیزبەندی کاتی، شیکاری ڕونکردنەوەی مێژویی، تواناکانی لێکۆڵینەوەی مێژویی)دا نییە بەپێی گۆڕاوی (ساڵانی خزمەت)، کە بەهای (ف) (1.605) بەبەهای ئەگەری (احتمالی) (0.180) زیاتر لە ئاستی بەڵگەداری (٠، ٠٥). بەکۆی گشتی جیاوازی نییە بۆ لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت، بەڵام بەپێی بوارەکان بواری (وەرگرتن و تێگەیشتنی مێژویی) کە بەهای (F) (2.842) لەگەڵ بەهای ئەگەری (بقیمة احتمالیة) (٠.٠٢١) هات، کەمترە لەبەهای بەڵگەداری (0.05). و (شیکاری ڕوکردنەوەی مێژویی) کە بەهای (F) (3.057) لەگەڵ بەهای ئەگەری (بقیمة احتمالیة) (٠.٢١) هات، کەمترە لەبەهای بەڵگەداری (0.05). جیاوازی هەیە لەنێوان نمونەی توێژینەوەکە بەپێی ساڵانی خزمەت.

بۆ زانینی جیاوازی کاریگەری کۆمەڵی تەمەنەکان بەڕێگەی (LSD) دەرکەوت کە بواری (وەرگرتن و تێگەیشتنی مێژویی) جیاوازی لەنێوان کۆمەڵەی (١٦-٢٠ لەگەڵ ٥-١٠ و ١١-١٥)دا، بەهەمان شێوە بۆ بواری (شیکاری پرسە مێژوییەکان) جیاوازیەکە لەنێوان کۆمەڵەی (١٦-٢٠ لەگەڵ ١١-١٥ و ٢٦-٣٠) و (٢١-٢٥ لەگەڵ ٢٦- ٣٠) دا بو.

توێژەر پێیوایە بەشێک لەهۆکارەکەی ئەم ئەنجامەش دەگەڕێتەوە بۆخواست و کارامەیی و شارەزایی مامۆستایان کە ڕۆڵیان هەیە لەبەکارهێنانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی، بەشێک لەمامۆستایانی نمونەی توێژینەوەکە سەرباری ئەوەی ئەزمونی کارکردنیان لەقوتابخانەکاندا زۆربوە، بەڵام ئاراستەیان بەرانبەر بەکارهێنانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی جیاواز بوە، هەندێکیان بەپێویستیان نەزانیوە لێهاتوییەکان بەکاربهێنن، هەندێکی تریشیان بەهۆی کەمی شارەزاییان،

ئارەزویان لە بەکارهینانی لیهاتوییەکان نەبوە، لەکاتی بەراوردکردنی ئەم ئەنجامە بە توێژینەوەکانی پێشو کە دەست توێژەر کەوتون، دەرکەوت پێوانەکردنی ئاستی بەکارهێنانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی بەپێی گۆڕاوی (سالآنی خزمەت) لای مامۆستایانی پسپۆڕی مێژو پێشتر نەکراوە.

## دەرئەنجامەکان

١- جیاوازییەکی بەرچاو لەڕوی ئامارییەوە لەئاستی بەڵگەداریدا لەنێوان تێکڕای (ناوەندی) لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی و ناوەندی مامۆستایانی مێژودا هەیە.

٢- لەڕوی ئامارییەوە هیچ جیاوازییەکی بەرچاو لە ئاستی بەڵگەداریدا لەنێوان لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی ڕەگەزی نێر ومامۆستایانی بابەتی مێژوی ڕەگەزی مێدا نییە.

٣- لەڕوی ئامارییەوە هیچ جیاوازییەکی بەرچاو لە لێهاتوییەکانی (ڕیزبەندی کاتی، تواناکانی لێکۆڵینەوەی مێژویی، شیکاری پرسە مێژوییەکان و بڕیاردان)دا نییە بەپێی گۆڕاوی تەمەن، بەڵام دەرکەوت کە جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە لێهاتوییەکانی ((وەرگرتن و تێگەیشتنی مێژویی، شیکاری ڕونکردنەوەی مێژویی)دا هەیە، بەپێی گۆڕاوی تەمەن.

٤- لەڕوی ئامارییەوە جیاوازییەکی بەرچاو لە ئاستی بەڵگەداریدا لەنێوان ناوەندی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەپەروەردەی ڕۆژهەڵات و لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەپەروەردەی ڕۆژئاوادا نییە، بەپێی گۆڕاوی شوێن.

٥- لەڕوی ئامارییەوە هیچ جیاوازییەکی بەرچاو لە لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی (ڕیزبەندی کاتی، شیکاری ڕونکردنەوەی مێژویی، تواناکانی لێکۆڵینەوەی مێژویی)دا نییە، بەپێی گۆڕاوی سالآنی خزمەت، بەڵام دەرکەوت کە جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە لێهاتوییەکانی ((وەرگرتن و تێگەیشتنی مێژویی، شیکاری پرسە مێژوییەکان و بڕیاردان)دا هەیە بەپێی گۆڕاوی سالآنی خزمەت.

## ڕاسپاردەکان:

١-ئامادەکردنی خول و بەرنامەی ڕاهێنان بۆ سەرپەرشتیاران و مامۆستایانی پسپۆڕی مێژو، سەبارەت بەپێویستی گرنگیدان بە پەرەپێدانی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەوانەش پێشکەشکردنی ئەزمونە نێودەوڵەتییەکان، لەلایەن بەڕێوبەرایەتی پەروەردەکانی سەربە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانەوە.

٢-سەرلەنوێ پێداچونەوە بە بەرنامەکانی ئامادەکردنی مامۆستایانی مێژو، بۆ ئەوەی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژوی لەبەرچاوبگرن و لە وانەوتنەوەدا بەکاریانبهێنن، لەسەر بنەما زانستی و تیۆرییە دروستەکان، لەلایەن کۆلێژە پەروەردەییەکان و زانستە مرۆڤایەتییەکان.

٣-گرنگیدان بە بەشەکانی مێژو لە کۆلێژە پەروەردەییەکان و زانستە مرۆڤایەتییەکان بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوەی مێژویی لەنێو فێرخوازاندا، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە.

٤-هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستایانی پسپۆڕی مێژو و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان لەژێر ڕۆشنایی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لەلایەن بەڕێوبەری خوێندنگاکان و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی پەروەردەوە.

## پێشنیارەکان:

١-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە بۆ هەڵسەنگاندنی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەخوێندنگە بنەڕەتییەکان لەژێر ڕۆشنایی لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستای مێژو لەسەر لێهاتوییەکانی بیرکردنەوەی مێژویی لە ئاستی جیاوازی ئەکادیمیدا.

٣-ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە تایبەت لەسەر توانای بیرکردنەوەی مێژویی کاریگەری لەسەر خوێندکاران.

## لیستی سەرچاوەکان:

بۆکانی، سابر مستەفا(٢٠١٦): میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، هەرێمی کوردستان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، لیژنەی باڵای کۆنفرانس(٢٠٠١): کۆنفرانسی سێیەمی پەروەردەیی لە ڕۆژانی ١٠-١١-٢٠٠١/٩/١٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، لیژنەی باڵای کۆنگرەی پەروەردەیی، (٢٠٠٧): پێشنیار و ڕاسپاردەکان بۆ کۆنگرەیی پەروەردەیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

لیژنەی باڵای کۆنگرەی پەروەردەیی، (٢٠٠٧): پێشنیار و ڕاسپاردەکان بۆ کۆنگرەیی پەروەردەیی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

البياتي، عبدالجبار توفيق و زكريا اثناسيوس(١٩٧٧): الاحصاء الوصفي الاستدلالي في التربية وعلم النفس، جامعة المستنصرية، ط١، بغداد.

البنعلي، غدادنة سعيد، مدى استخدام معلمي الدراسات الاجتماعية لمهارات التفكير في تدريس تلاميذ المرحلة الابتدائية بدولة قطر، مجلة رسالة الخليج العربي، العدد(٩٦)، ٢٠٠٥، ٦٩

بني فارس، محمود جمعه (٢٠١٢): أثر الخبرة والمؤهل العلمي على درجة ممارسه مهارات التفكير التاريخي لدى معلمى التاريخ للمرحلة المتوسطه بالمدينة المنورة، كلية التربية جامعة طيبة بالمدينة المنورة، العدد الثلاثون، الجزء الاول، دراسات عربية في التربية وعلم النفس (ASEP).

جمال سليمان، ميساء حمدان، هناء محمود الرحية، (٢٠١٧): درجة ممارسة مدرسى مادة التاريخ في الصف الثانى الثانوي الادبي لمهارات التفكير التاريخي (من وجهة نظرهم)، مجله طرطوس للبحوث والدراسات العلمية _سلسلة الاداب والعلوم الانسانية المجلد (١) العدد (١)، دراسة ميدانية في مدينة اللازقية.

الجمل، علي أحمد (٢٠٠٥): تدريس التاريخ في القرن الحادي والعشرين، عالم الكتب، ط١، القاهرة- جساب، قصي ليلو(٢٠١٩): دراسة مقارنة في الكتساب المفاهيم العالمية بين طلبة الصف الأول المتوسط في المداريس الحكومية و الأهلية في مادة العلوم، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية والانسانية، العدد٤٥، تشرين الأول ٢٠١٩.

جوده، على (١٩٩٧): تقويم المهارات الأساسية اللازمة لتنمية التفكير التاريخي لدى معلمي التاريخ بالمرحة الثانوية. مجلة كلية التربية ببنيا.

جرادات، عزت واخرون، ١٩٨٩، التدريس الفعال، ط ٤، دار الفكر، عمان.

جرى، خضير عباس، (٢٠١٢): مهارات التفكير التاريخي المتوافرة عند معلمي المرحلة الابتدائية، مجلة الكلية التربية الاساسية العدد السادس والسبعون، قسم التاريخ، كلية التربية الاساسية، الجامعة المستنصرية، العراق.

الحيلة، محمد محمود(٢٠٠٧): مهارات التدريس الصفي، ط ٢، دار المسيرة للنشروالتوزيع، عمان.

خريشة، على كايد، ٢٠٠٤، مهارات التفكير التاريخي في كتب المرحلة الثانوية، مجلة كلية التربية، العدد ٢١، جامعة الامارات العربية المتحدة.

الدليمي، غازي كريم شرموط(٢٠١٢): أثرالستراتيجية(فكر-زاوج-شارك)في تحصيل مادة التاريخ والاحتفاظ بها لطلاب الصف الرابع الادبي،جامعة بغداد،كلية التربية،رسالة الماجستير.

سعد، محمودحسان(٢٠٠٠): التربية العملية بين النظرية و التطبيق،دارالفكر للطباعة و النشر،ط١،عمان.

الصعوب، ماجد محمود إبراهيم (٢٠٠٣): درجة ممارسة معلمي التاريخ للمرحلة الثانوية في محافظة الكرك لمهارات التفكير التاريخي، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة عمان العربية للدراسات العليا، الاردن.

علام، صالح الدين محمود(٢٠٠٧): القياس و التقويم التربوى و النفسى اساسياته و تطبيقاته و توجيهاته و المعاصره،ط١، دار الفكره العربى، القاهره.
العزاوي، محمد عدنان محمد(٢٠١٢): تقويم اداء مدرسي التاريخ للمرحلة الاعدادية في ضوء مهارات التفكير التاريخي، رسالة ماجستير، جامعة ديالي، كلية التربية للعلوم الانسانية، العراق.
عليان، ربحي مصطفى(٢٠٠١): البحث العلمي (أسسه، مناهجه وأساليبه، اجراءاتة)، ط١، البيت الافكار الدولية، الاردن.
الغزولي، نادية (٢٠٢٠): المنهاج المطور لمادة التاريخ وعلاقته بتنمية مهارات التفكيرالتاريخي لدى المتعلمين من وجهةنظرالمعلمين، مديرة تحرير المجلة التربوية الإلكترونية السورية العدد صفر شهر (٩).
القطان، هانى على سليمان و الاخرون(٢٠١٩):الصعوبات التي تواجه طلبة التربية بكلية التربية الاساسية بفرعيها (بنين-بنات)في دولة الكويت من وجهة نظرهم مجلة كليه التربية بالمنطوره، مجلد١٠٦، العدد١، (٣٠ابريل\نيسان٢٠١٩)ص ص ٥٣٣-٥٧٠،

قزامل، سونيا هاشم (٢٠٠٨)، فاعلية برنامج مقترح للتعلم الذاتي قائم على الأنشطة لتنمية مهارات التفكير التاريخي لدى الطلاب المعلمين بكليات التربية شعبة التاريخ، مجلة الجمعية التربوية للدراسات االجتماعية، مصر، ل ١٣١.
كشرود، عمار طيب(٢٠٠٧): معجم المصطلحات الاحصائيه والمنهجيه، فى العلوم الانسانيه والاجتماعيه، ط١، دار النهجه العربيه، البيروت.
اللقاني، احمد حسين، اتجاهات في تدريس التاريخ، عالم الكتب، ط٢، ١٩٧٩
محمد، علي جودة عبدالواهاب (٢٠٠٥):فاعلية استخدام بعض استراتيجيات التعلم النشط في تدريس التاريخ لتنمية. مهارات التفكيرالتاريخي والاتجاه نحو المادة لدى طلاب المرحلة الثانوية، (رسالة غيرمنشورة)، كلية التربية –جامعة بنها .
المناصير، حسين جدوع مظلوم (٢٠١٦): مدي استعمال طلبة الدراسات العليا (الماجستير) لمهارات التفكير التاريخي، مجلة كلية التربية، جامعة واسط، (العلوم الانسانية) مجلد :٢٢، العدد١
الموسوي، عبد الله حسن (١٩٩٦): رؤية في تقويم المناهج الدراسية لمعاهيد إعداد المعلمين والمعلمات، مجلة الأستاذ، عدد٧، كلية التربية ابن رشد.
الناشف، عبد الملك١٩٨١، ، التاريخ طبيعته والطريقة التاريخية في تدريسه . معهد التربية اونرا اليونسكو، عمان، الأردن.
ناصر، محمد طاهر(٢٠١٥): مهارات التفكيرالتاريخي لدى طلاب المرحلة المتوسطة من وجهة نظر المدرسين محافظة النجف.، جامعة الكوفة-كلية التربية للبنات، العراق.
هناء، ابراهيم محمد (٢٠١٦): تقويم اداء أعضاء هيئة التدريس في قسم التاريخ كلية التربية الاساسية في ضوء مهارات التفكيرالتاريخي من وجهة نظرهم.ديالى. Hanaa.Ibrihem70@yahoo.com.. ص، ٣٦٣. كلية التربية الاساسية\جامعة ديالى، تاريخ القبول النشر ٢٠١٦\١\١٢.
Andrews.T & Burke.F.(2007). What Does It Mean to Think Historically ? ،Perspectives On History(The new magazine of the Amercan Historical Association). available at http://WWW.historians.org/ in 282020/1/.
Anderson. C (2013) Usıng Prımary Documents To Foster Hıstorıcal Thınkıng Skılls In A Secondary Englısh As A Foreıgn Language Classroom, Thesıs in Master of Education Degree in the College of Education and Human Service Professions, University of Minnesota Duluth.
Cantu, D., & Warren, W. (2003) Teaching history in the digital classroom. Armonk, NY: M.E. Sharpe, Inc.
DOPPEN, F, H, . Teaching Historical Thinking , Eric Clearing house For Social Studies, Social Science Bloomington, In August retrieved.4/4/2012. http//search ERIC. org\ericdc\ED467383. Htm , 2002.
Demircioğlu İH (2009). Tarih Öğretmenlerinin Tarihsel Düsünme Becerilerine Yönelik Görüsleri. Millî Eğitim Dergisi (184):228-239.
Katot, Sahar Amin (2009) Methods of Teaching History, Dar Tigris, Amman, Jordan.

NCHS, National Center for History in the Schools. (1996). National standards for history (Basic edition). Los Angeles, CA: National Center for History in the Schools.

Pellegrino, A., Lee, C. D., & d'Erizans, A. (2012). historical thinking through classroom simulation: Paris peace conference. The Clearing House: A Journal of Educational Strategies, Issues and Ideas, 85(4).

Von Heyking.A.(2004).Historical Thinking in the Elementary Years: A Review of Current Research , Canadian Social Scials , Vol 39 , no1.

Wineburg, S. (2001). Historical thinking and other unnatural acts: Charting the future of teaching the past Philadelphia: Temple University Press.